ئەگەر ڕۆیشتیت بۆ لای کەسێک کە حاڵی نالەبار وقورس بوو (لە ڕووی داراییەوە)، ئەوا چاوپۆشی لێبکە، بەڵکو خوای گەورە لە ئێمەش خۆش بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پیاوێک هەبوو قەزری دەدا بە خەڵکی، ودەیووت بەو گەنجەی کە لای کاری دەکرد: ئەگەر ڕۆیشتیت بۆ لای کەسێک کە حاڵی نالەبار وقورس بوو (لە ڕووی داراییەوە)، ئەوا چاوپۆشی لێبکە، بەڵکو خوای گەورە لە ئێمەش خۆش بێت، وکاتێک کەوەفاتی کرد وگەیشتەوە بە پەروەردگار پەروەردگار لێی خۆش بوو».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات پیاوێک بە قەرزپێدان مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی دەکرد، یان بە نرخ وەرگرتنی دواخراو شتی پێیان دەفرۆشت، وبە ئەو کوڕەی دەووت کە لەلای کاری دەکرد وقەرزەکانی خەڵکی بۆی وەردەگرتەوە: ئەگەر چوێت بۆ لای قەرزدارێک وئەوەندەی نەبوو قەرزەکەی پێبداتەوە بەهۆی نەبوونی: (ئەوا چاوپۆشی لێبکە)؛ ئەمیش بە ماوەپێدانی زیاتر وزۆر نەکردن لێی بۆ دانەوەی قەرزەکە، یان بە قبوڵکردنی ئەوەی هەیەتی ئەگەرچیش کەموکورتی تێدا بێت، وئەمیش بەهیوای ئەوەی خوای گەورە لەبەرامبەر ئەم کردەوەیە لە گوناهەکانی خۆش بێت، کاتێک پیاوەکە مرد ؛ خوای گەورە لە گوناهەکانی خۆش بوو.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3753